Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان

ئۆکتۆبێر

2012

# ڕاپۆرتی پەروەردە

# ئەنجومەنی دانوستاندنی نێوان هەرێم و بەغدا

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان،لە درێژەی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەمەڕ ئەنجومەنی دانوستاندنی نێوان کوردستان و عیراق سەمینارێکی لە ٢٠١٢/١٠/١٥ ساز کرد. بەشداربوانی ئەم سەمینارە بریتی بوون لە کۆمەڵێک ئەکادیمیسیەن و چەند ئەندامێکی لیستە جیاوازەکانی پارلەمانی کوردستان، کە پلەی زانستییان لە ماجستەر کەمتر نەبوو. ئیسلامییەکان بەتایبەتی یەکگرتوو پێیانوابوو دەبێ پەرلەمان بڕیارەکانی ئەم پەسند بکات و مەرجەعی سیاسی بێت. بەڵام گۆران دژی دامەزراندنی ئەنجوومەن بوون و بە فەشەلی سەرکردایەتی سیاسی هەرێمیان لێکدەدایەوە.

info@irdk.org

+964 66 257 6001

Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq

www.irdk.org

POLITICAL

# ئەنجومەنی دانوستاندنی نێوان هەرێم و بەغدا

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان،لە درێژەی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەمەڕ ئەنجومەنی دانوستاندنی نێوان کوردستان و عیراق سەمینارێکی لە ٢٠١٢/١٠/١٥ ساز کرد. بەشداربوانی ئەم سەمینارە بریتی بوون لە کۆمەڵێک ئەکادیمیسیەن و چەند ئەندامێکی لیستە جیاوازەکانی پارلەمانی کوردستان، کە پلەی زانستییان لە ماجستەر کەمتر نەبوو. ئیسلامییەکان بەتایبەتی یەکگرتوو پێیانوابوو دەبێ پەرلەمان بریارەکانی ئەم پەسند بکات و مەرجەعی سیاسی بێت. بەڵام گۆران دژی دامەزراندنی ئەنجوومەن بوون و بە فەشەلی سەرکردایەتی سیاسی هەرێمیان لێکدەدایەوە.

ئەنستیتۆ لە ئەنجامی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا ئەم دەرنجامانە ئاراستەی بەرێزتان دەکا:

بە لەبەر چاوگرتنی کەمتەرخەمی و باش کارنەکردنی دەزگا حکوومی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان و دواخستنی بەرژەوەندیی باڵای نشتیمان و پێشخستنی بەرژەوەندیی حیزبایەتی کە بوونەتە هۆی نەبوونی کۆدەنگی لە ناو بزووتنەوەی سیاسی گەلی کورددا، دامەزراندنی ئەنجومەنی دانوستاندنی نێوان کوردستان و عیراق، پێداویستییەکی گرنگە و چاوی لێ داناپۆشرێ. هەروەها لە ئەنجامی ڕوانگەی شۆڤینیستانەی کاربەدەستانی حکوومەتی عیراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانی ئابووری لە ڕۆژئاوا، یەکخستنی ئیرادەی سیاسی و یاسایی کوردستان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە .

بۆیە پیویستە ئەم ئەنجومەنە لە سەر ئەم بنەمایانە دابمەزرێ:

- **پێکهاتەی ئەنجومەن**

١. ئەم ئەنجومەنە لە لایەنە سیاسییەکانی ناو پارلەمانی کوردستان پێک دێت.پەرلەمان بە یاسایەک مەشروعییەتی پێدەدات.

٢. پێکهاتەیەکی تری ئەم ئەنجومەنە بریتی دەبێت لە پسپۆڕان و کەسایەتییە کاریگەرەکانی دەرەوەی حیزبەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان.

٣. سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕێژەیەکی دیاریکراوی ئەندام (بەپێی شارەزایی و پسپۆڕی لە کارەکاندا) دەخەنە ناو ئەم ئەنجومەنەوە.

- ئەرکەکانی ئەنجومەن:

١. هەر پەیوەندییەکی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عیراق تووشی گرفت بێت پێویستە بخرێتە ناو ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنەوە.

٢. ئەم ئەنجومەنە وەکو دەزگایەکی دیاریکراو کار دەکات و بەدواداچوون بۆ کارەکانی خۆی دەکا.

٣. تێکڕای کارەکانی ئەم ئەنجومەنە لە بەرامبەر سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی کوردستاندا سیفەتی ڕاوێژکارانەیان دەبێت.

٤. سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنە دەکا.

- **تێبینییەکان:**

١. ئەم ئەنجومەنە دەبێت زانیاریی پێویستی لە سەر دەستووری عیراق و دادگای فیدراڵی و ماددە دەستوورییەکانی عیراق هەبێت کە پەیوەندییان بە کیشەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

٢. مەرجەعییەتی یاسایی پەرلەمانی کوردستان نابێ وا لێک بدرێتەوە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەرۆکایەتیکردنی پرۆسەی دانوستان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێم بستێندرێتەوە. واتە: مەرجەعییەتی پەرلەمان لە مەشرووعییەتدان بە بڕیاری سیاسیدا خۆی دەنوێنێ.